سۆراخ

# ئەدەبی سەرکەوتوو



حەسەن مستەفا

مندالّی و مێرمندالّی بۆ زۆربەی هاوەلاّن و هاوتەمەنانی ئێمە ساتێك بوو بە نێو رارەوەکانی مەینەتی گوزەری کردووە، کە هەندێك دیمەن هەن لەم تەمەنەدا زووزوو قەتماغە هەلّدەدەنەوەو لەنێو ژانێکی بەسوێ جێمان دەهێلّن. زۆر لەو شاکارە ئەدەبیانەی بینومن و خوێندومنەتەوە، نووسەرەکانی باس لە سەرگەردانیی ئەو تەمەنە جوانەی خۆیان دەکەن و زۆر ژیرانە دەیخەنە تویّی فۆرمێکی سەرنجراکێش، هەرچەند ئەوەم درەنگ بۆ دەرکەوت کە لەگەران و نووسین و گێرانەوەی یادەوەریی خۆیاندا وەستانێکی کاتییان هەیە لەسەر هەلّدانەوەی ئەو قەتماغانە، کە هەندێکیان زۆر بەدوای خووردکردنەوەیدا هەلّوەدان و رووداوێکی تەواو تراژیدیك لە سنوری ژیانکردنی خۆیدا نابەنە دەرەوەو تەواو دەیکەنە پرۆسەیەکی خودی. هەندێکی تریشیان مرۆڤایەتی دەکەنە پانتایی ئیش و لە ئێشەکانیدا بەرهەم دروست دەکەن و خود لە قوولاّیی ئەو گشتە دەبیننەوە کە گشتێکی چوونییەکە لەلای ئەوانەوە.

سەرسامی من بۆ رۆمانەکانی" بێنەوایان و بێسەرپەرشتان" لەتەمەنی تازە پێخستنە ناو جیهانی خوێندنەوە زۆر لە سەرسامبوونی شێرزاد حەسەن دەچێ کە لاپەرەیەکی ژیانی خۆی لەتویّی شیعرێکی قانعا دەبینێتەوە ئەوکاتەی مامۆستایەك لەمالّی ئەوان دەبێتە میوان و شیعری لێفەشرەکەی قانع دەخوێنێتەوەو لەگەلّ هەر دێرێك کە دەخوێنرێتەوە زیاتر هەست بەوەدەکات قوولّتر دەخزێتە ژێر ئەو لێفە کۆنەیە وەك پالّەوانێکی سەرسەکۆیش شانازی بەخۆیەوە دەکات کە شاعیرێکی گەورەی وەك قانع باس لە مەینەتییەکانی ئەو دەکات. بیرکردنەوە روونەکەی ئەوسای ئەو بەوە گەیشتبوو کە کەسێك ... بەهرەمەندێك هەیە چاوی لەژیانی پر زەحمەتی ئەوە.

کەواتە نووسەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە تا ئەورادەیە نزیك کەوێتەوە لە خوێنەرانی خۆی و ئەو هەستە دروست بکات کە نووسینەکە راچێتەی چارەسەری دەردەکانیەتی. هەر بۆ بیرهێنانەوەی شێرزاد حەسەنیش بەراستی ئەویش کەوتۆتە هەمان مەوقیعی داهێنەرانەوە کە زۆربەی چیرۆکەکانی لەگەلّ دەردی زۆربەی توێژەکانی کۆمەلّ ئاوێتەن، بەلاّم بۆ ئەمرۆ ئەتوانم بلّێم بێدەنگیەکی قوولّ هەست پێدەکرێ لەبەرامبەر ئەو هەموو گەندەلّی و دزی و فزییەی کە بە مالّی کورد دەکرێ، یان بە واتایەکی تر شاکارێك نەبۆتە باوەشێکی گەرم وسەرنجراکێش بۆ ئەو هەموو مەینەتیانە لە کاتێکدا ئەمرۆ چ زۆرە قەلّەم بەدەست زۆر. تۆ بلّێی راکردن لەکێشە گەلێکی ئاوا و نەخرانە نێو تویّی کارێکی ئەدەبی لەبەهای ئەدەبی کەمبکاتەوەو ئەمە هەر بەئەرکی سیاسیی و رۆژنامەوانی بزانرێ کە پەردە لەسەر ئەو لاپەرە تاریکانە هەلّدەنەوە. ئەگەر ئەدیب نەتوانێ لەنزیکترین کۆڤانێك کە لەخۆیەوە نزیکە بدوێ و قەلّەمەکەی بخاتەکار چۆن چاوەرێی ئەوە لە خەلّکی دەکات بەرهەمەکانی بەشەوق و زەوقەوە بخوێنرێنەوە. ئەگەر زەفکردنەوەی رۆلّی پالّەوانێتی لە سومبولێکی وەك پێشمەرگە لەنگییەك دروستبکات و کەموکورییەك بخاتەوە لە ئەفراندندا یان خزان بۆ نێو باوەشی سێکس و ئێرۆتیکاو دەرخستنی وێنەیەکی رووت و پر لە سادەگۆیی و تەشهیربن بۆ رووشاندنی ناوبانگی ئەدەب، ئەی نابێ ئەدەب لە هەموو بارو زروفێکدا خۆی تێکەلّی هەناسە نامورادەکانی هاولاّتیان بکات و نابێ ئەو ئەدیبە بەرێزانەی سەرکەشانە لەنێو ئێمە ماونەتەوە جوولّەی پەنجەیان تێکەلّی ئەو هەناسانە بکەن. پێم وایە رۆژی ئەوە هاتووە چ بەتەنزو هونەری گەپ نووسین بێ کە بەداخەوە لەنێو ئەدەبی ئێمەداو لەتویّی چیرۆك و رۆمان و شیعرا غائیبەو نییە، یان بەشێوەیەکی جدی و هەلّوەستەی لەسەربکرێ و لە قالبی رۆمان یان چیرۆکا بەدەربخرێن.